# "دەنگدان و دەستور" دەرگای کام دیموکراسییە دەخاتە سەرپشت!

خەسرەو سایە

سەرەنجام نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئەنجامی ئەو سیناریۆ گالتەجارەی کەبە"دەنگدان بەدەستوری هەمیشەیی عیراق" ناوزەد کرابوو، پەسەندکرد، سیناریۆیەك کەئەمریکاو دەست و پیوەندەکانی بەوپەری توانا لەپشتی راوەستان تابەهۆیەوە داهاتوویەك بەناوی دیموکراسی‌یەوە بچەسپینن کەپیچەوانەی ئاوات و ئارەزووەکانی خەلکە. هیشتا ماوەی دەنگدانەکان تەواونەبووبون کەبۆش وبلیەر وسەرانی‌تر راستەوخۆ هاتنە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان وکەوتنە مەدح وسەنا بەسەر شانۆگەری‌یەکدا کە لەنیو جەنگ وکوشتارو تیرۆریزم وبیدەرەتانیدا، ئەکتەرەکانی رۆژانەخەریکن بەبەرچاوی جیهانەوە دەست و پەنجەیان بەخوینی خەلکی مەدەنی سوردەکەن. بەلام وەختیك "دەنگدان بەدەستور" لەزمانی بۆش وکاربەدەستانی دەولەتی ئەمریکاوە بەهەنگاویکی گەورە بۆخستنە سەرپشتی دەرگای دیموکراتیزەکردنی عیراق لەقەلەمدەدری، بەسادەیی پرسیاری ئەوە خوی دینیتە پیشەوە کەئەوە چ دەنگدانیك بوو وەکام دەرگایەی دیموکراسی لەعیراقدا دەخاتەسەرپشت؟ بەواتایەکی‌تر عیراقی دوای دەستور بەرەو چ بارودۆخیك هەنگاوهەلدەگری؟ ... بەلام بالەپیشەوە لەخودی دەنگدانەکەبروانین.

## "دەنگدان بەدەستوور" کام سیناریۆ؟:

ئەوەی ئەمریکاو هاوپیوەندەکانی ناوی "دەنگدان و دەستوور" یان لینا، نمایشیکی ئاشکراو پیشوەخت بریار لەسەر دراوبوو، نمایشیك کەلەلایەك تەزویرچیان و چەقوکیشان وچەك بەدەستانی دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی و ئەوانەی دەستی بالایان لەساختەچیتی ودرۆو هەرەشەکردندا هەیە، تیا چالاکبوو، وەلەولاشەوە ئەوە خەلك بوو کەتییدا بەدوای تەحەموولکردنی پرۆسەیەك لە تەبلیغاتی ژەهراوی و ترسچین و هەرەشە ئامیزدا، دوای ئەوەی لەبەرخاتری پاراستنی کارو پیشەو زیندەگی رۆژانەیان بەناچاری ریگای "کیلگە مینچینراوەکان" و "بۆمباکانی خۆکوژیی" تیرۆریستانیان گرتەبەر تابەناچاری کارتەکانی دەنگداندان بخەنە نیو صندوقیکەوە کەخۆیان کەمترین هوشیاری وئاگاداری‌یان پیی نی‌یە. بەلام بۆ ئەمریکاو دەستەو تاقمی کونەپەرستی قەومی وئیسلامی خەلك نەئامانجە و نەپیوانەیە، نەئیختیارە و نەمەوجوودیەتیکی خاوەن ماف وبریارە، بەلکو بۆئەوان خەلك وەسیلەی بردەنەپیشەوەی سیاسەتیکە کەتەنها وەرگرتنی پەنجەمور جیگای مەبەستە. بەراستی ئەوە چ دەنگدانیك بوو کەزۆربەی خەلکی نەپیشنوسی دەستوریان دی و نەفرسەتیان پیدرا لەبارەیەوە رای خۆیان دەرببرن. ئەوە چ رفراندۆمیك بوو کە چوار رۆژ پیش کاتی دەنگدان بەخاتری رازی کردنی "نەیارانی سوونی عەرەب" بریاری دەستکاریکردنی برگەوبەندەکانی دەستووری بۆدرا!. ئەوە چ رفراندۆمیك بوو زیاتر لە سەدان صندوق و چەندین ناوچەی دەنگدان، نەتوانرا هەر بکرینەوە وتەنانەت زۆرینەی خەلکی شارەکانی ناوەراستی عیراق و بەغداد نەبەشداربوون و نەفرسەتی بەشداری کردنیان پیدرا! لەشارەکانی خواروی عیراق و لەشارەکانی کوردستان سەرەرای ترساندن و پەلکیشی خەلکی بەئیعترافاتی سەرانی ئەحزبای کوردی وئیسلامی بەشداری خەلك لەچاو هەلبژاردنی پیشوودا یەکجار کەمبووە، کەچی دواتر، ریژەی لە99٪ ی دەنگەگان بۆخەلکی ئەم شارانە تۆمارکرا!. لەراستیدا دەنگدانیکی ئاوا نەلە بەرنامەیدایە و نەبریاری ئەوەیە ئامانجەکانی خەلکی عیراق بباتەپیشەوە، بەلکو ئەوەی لەم نیوەدا جیگای هەیە ئامانجەکانی ئەمریکا و سیاسەتیکە کەرووی لەتیپەرکردنی هەرچونیکی ئەو دەستورەدایە کەبتوانی بەهەرنرخیك بووە هیزە دژبەیەکانی نیوخوی عیراق یەکبخاو ئاویك بەو ئاگرەدا بکات کەبەرۆکی بەهیزەکانی ئەمریکا گرتووە وریگابکاتەوە بۆ هینانەکایەوەی دەسەلات و حکومەتیك کە ئەمریکا لەزەلکاویك کەناوی عیراقە نەجات بدات. بەلام گرفت لەوەدایە ئەم ئەمانجەو ئەم سیناریۆیە بە"هەنگاونان بەرەو دیموکراتیزە کردنی عیراق" ناودەبری. کەوایە ئەودیموکراسی‌یە چی‌یە کەئەمریکاو دەست و پیوەندەکانی بریارە پیشکەش بەخەلکی عیراقی بکەن!

## "دیموکراسی عیراقی" لەسەر تەرزی ئەمریکا:

ئەمریکا لەعیراقدا دەست بۆهەر سیاسەتیك بردبی، بەئیدعای دیموکراسیەوە هاتۆتە مەیدانەوە. دیموکراسی‌یەك کەبریارە نمونەکەی لەعیراقەوە نیشان باقی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست بدری و ئەم ولاتانەی پی بخریتە سەر ریچکەکانی چاکسازی و گۆرانکاری‌یەوە. بەلام لەم نمونەیەدا تەرزیك لەدیموکراسی پیشنیار دەکری کە ئەلگۆکەی لەتەواوی سەردەمەکان ولەناوچە جیاجیاکانی دنیادا دەگمەنە. لیرەدا بۆتیگەیشتن لەخاسیەت و لایەنەکانی ئەم ئەلگۆیەش ئەگەر لەپیشینەی داگیرکاری وجەنگ وهەموو ئەوسیاسەتانە بگەریین کەئەمریکا لەماوەی چەندسالی رابردوودا بەرامبەر بەعیراق گرتوویەتی‌یە بەر و بەتەنها لەسەر خودی پرۆسەو سیناریۆیەك سەرنجەکانمان رابگرین کەبەناوی "دەنگدان و دەستور"ەوە گیراوەتەبەر، ئەوا بەرۆشنی لەو دیموکراسی‌یە حالی دەبین کەبریارە دەرگاکانی خوی بەرووی داهاتووی خەلکی عیراقدا بکاتەوە.

لەپێشەوە بەمەفهومی باو دیموکراسی یانی دەخالەت و بریاری خەلك، بەلام ئەوەی لەسەرەتاوە ئەم حوکمە لەتەرزی دیموکراسی ئەمریکادا بۆعیراق پیچەوانە دەکاتەوە ئەوەیەکە ئەمریکا خوی داریژەر ونوسەرەوەی سەرەکی دەستوور بوو نەك خەلکی عیراق. هەولە بیپەرواکانی زەلمای خەلیلزادە لەئامادەکردنی پیشنوسیکدا، بەدوای مەسروفات و بەخەرجدانی سەرمایەیەکی سیاسی یەکجار زۆر و دوای دانی ئمتیازاتیکی ئاشکرا بە"شیعەکان" تاسیستانی رازی ببی و لەپشتی رەشنوسی ئامادەکراو راوەستی، هەموو بۆئەوە بوو دموکراتیزەکردنی عیراق هەنگاوەکانی خۆی هەلگری. بەلام بەم حالەوە دەستوریك لەدایکبوو کەلەژیر سایەی داگیرکاری ومانەوەی زیاتر لە 150 هەزار سەربازی ئەمریکا لەعیراقدا، هاتوتە بوون، ئەمە بەبی ئەوەی تنها ووشەیەکی سەبارەت بە کشانەوەی ئەم هیزانەو کۆتایی هینان بەداگیرکاری لەخۆگرتبیت. لەمەش سەیرتر ئەمریکا نمونەی رەشنوسی دەستوریکی داوە بە"عیراقییەکان" کەهیشتا کارکردن بەهەموو ئەویاسایانەی وەك خوی هیشتۆتەوە کەلەسەردەمی "بۆل بریمەر"دا نوسراون وبەیاسای سەردەمی داگیرکاری ناودەبرین. یاسایەك کە دوای دەنگدان بەدەستوور هیشتا، "گیرانەوەی سەروەری نیشتمانی بۆعیراقییەکان" ژیر پیدەنی و دەسەلاتی داگیرکاری ئەمریکا وەك خوی دەهیلیتەوە. بەلام ئەمە هیشتا هەموو راستییەکان نییە.

لەواقعدا ئەوەی ئەمریکا بەناوی دەستورەوە پیشنیاری کردووە، بەلگەنامەیەکە بۆتەوافقات و"ئاگربەستی" نیوان دەستەوتاقمی قەومی و ئیسلامی، کەبەدوای جەنگدا کەوتونەتە بەرامبەر بەیەکەوە. بەپییەش ئەگری بلیین کەئەم دەستوورە بەلگەنامەیەکی قانونی و ریسایەك نییە کەلەریگای بریارو ئیرادەی خەلکەوە دەرگای نیزام وحکومەتیکی دیموکراسی لەعیراقدا بخاتەسەرپشت. بەتایبەتی کەپایەکانی ئەم دەستووره لەسەر بناغەی ئیمتیازدان بەئیسلام و فیدرالیزمەکردنی عیراق راوەستاوە، و هەویەتی قەومی و ئاینی و تایەفەگەری دەکات بەبەر کۆمەلگای عیراقدا، لەحالەتیکی ئاواشدا ئەم دەستوورە نەك ئیتحادی کۆمەلایەتی لەنیوان بەشەکانی خەلکدا پیك نایهینی بەلکو ئەوان دەخاتە بەرامبەر بەیەك وشەر وکیشمەکیشی ئاینی و رەگەزییەوە. ئیسلام کەسەرچاوەی دانانی یاسا و سەلماندنی مافە فەردی و مەدەنییەکانە بەتەوای ژنان و سکولاریزم و ئازادییەکان یەخسیری حوکمی شمشیرو فتواو شەریعەت دەکا. فیدرالیزم کەبەو جۆرەی لەدەستووردا ریکخراوە، نەك هەر خواستی خەلکی کوردستان بۆبریاردان لەسەر چارەنوسی خۆیان دەستکۆتا دەکات، بەلکو ئاگایی و هەویەتی کۆمەلایەتی وگشتی خەلکی کوردستان دەنیتە ژیر پیێوەو تەسلیم بەلۆکەلیزم و ناوچەگەریتی قەومی دەکات. لەم چوارچیوەیەشدا کۆمەلگای عیراق کەبەیەکیك لەپیشکەوتوترین ولاتی مەدەنی و سکولاریزم لەنیو ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا ناسراوە، بەرەو دواوە پالی پیوە دەنری، بەتایبەتی کەلەم دیموکراسییەدا ناوەندیتی دەولەت و مافەکان وقانون تائەوئاستە شل دەبیتەوە کەئۆتۆریتەی ناوچەیی وقەومی ماف و ئازادییەکانی فەرد دیاری دەکا.. ئەمانەش لەئەنجامدا ئەوزاعی عیراق لەنیو یەك تەقسیماتی ئاینی وفەرهەنگی دژواردا رادەگری.

لەکەنار هەموو ئەم راستییانەدا باری ئابووریش خوی دینیتە ئاراوە. ئەگەرچی دەعوا وکیشمەکیشی ئیستای نیوان دەستەوتاقمی قەومی ئیسلامی ریگەنادات باسی ئابووری وهەستانەوەی بازارو سەرمایەگوزاری بۆدەولەمەندان و کەمایەتی پولداری کۆمەلگا بهینتە پیشەوە، بەلام هەروەك ئەوەی لەدەستوردا هاتووەکە" نەوت و گاز بۆهەموو دانیشتوانی خەلکی عیراقە ولەلایەن دەولەتی مەرکەزییەوە، داهاتەکانی بەپیی ریژەی دانیشتوانی ناوچەکان بەیەکسانی دابەش دەکری"!. ئەمەش مەسەلەی ئابووری و سەرچاوەی داهاتی کومەلگا دینیتە ئاراوە. بەلام ئەمە تەنها رستەیەکی فۆرمالە چونکە هەم بەرهەم هینانی ئەم مەوادانی وهەم دابەشکردنی بەیەکسانی بەسەر دانیشتواندا، تەنها لە حالەتی برانەوەی دەسەلات و مافی حاکمیەت بۆدەولەتیك کەبەپیی قانون وبەسەربەخۆ لەنیو پەیوەندییە جیهانییەکاندا جیگیرە دەتوانری بەدی بیت. لەلایەکیتریشەوە ئەم رستەیە بۆیە فۆرمالە چونکە سەرچاوەکانی داهاتووی بەرهەمینانی نەوت و گاز و کانزاکانی تر ناگریتەوە و تەسلیم بە هەلومەرجەکانی ئیحتلال و مانەوەی ئەمریکا لەعیراقدا دەکات، ئەوەتا بەپیی ئامارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەهۆی ناسەقامگیری دەولەتەوە "عیراقییەکان" تەنها بۆیان هەیە لە80 نیوەند کەبری 115 ملیار بەرمیل دەدات بەدەستەوە 40 ملیاری وەك پاشەکەوت دەخریتە ئیختیاری کۆمپانیائەمریکایی و بیانییەکانەوە. لەبارەی دابەشکردنی "یەکسانی داهاتەکانی نەوت و گاز" لەلایەن دەولەتەوە، دیسانەوە پۆچی ئەم رستەیەی دەستور خوی دەخاتەروو چونکە ئەوە خودی دەستووره کە ئەم ئیختیارەی لەدەولەتی مەرکەزی سەندۆتەوە و سیاردویەتی بەئیختیاراتیکی قەومی و ناوچەیی لەنمونەی ئەوەی ناوچەکانی نفوزی کورد و شیعەکان بەناوی فیدرالیزمەوە ئیختیاریان هەیە تەسەروف بە سەرچاوەی کانزاکانەوە بکەن تەنانەت ئەگەر دەولەتی مەرکەزی بەشیوەی ئەم تەسەروفە مخالف بیت ئەوا بەپیی بەندیکیتر هەق لەئیختیاری ئەم تەقسیماتە ناوچەییانەدا دەهیلیتەوە و بەم جۆرەش دەسلاتدارنی ناوچەکان دەتوانن باقی دانیشتوانی ناوچکانیتر لە داهاتی کانزاکان مەحروم بکەن.. ئەمەیە ناوەرۆك ولایەنەکانی ئەودیموکراسییەی کە ئەمریکا گەرەکیەتی لەریگای دەستوورەوە دەرگاکانی بخاتەسەر پشت. بەلام دوای دەستوور و ئەم تەرزە لەدیموکراسی خەلکی عیراق دەتوانن چ چاوەروانییەکیان لەداهاتووی خۆیان هەبیت؟

## دوای دەستور کۆمەلگای عیراق بەرەو کوێ؟

تەقینەوەکانی ئەم دوایانەی دوای دەستوور کەرووی کردە شاری بەغدا وسلیمانی، کەلەرواڵەتدا بە"ناوچەی ئامین" ناودەبری، نیشانەیەکی سەرەتایی لەوحوکمە دەخەنەروو کەدەنگدان بەدەستور ناتوانی باوردۆخەکانی ئیستای عیراق جیگیربکاو داهاتوو بەرەو ئارامی و ئاسایش بەری. چونکە گرفتی کۆمەڵگای عیراق لەپیشەوە گرفیتکی سیاسی‌یە تا گرفتیکی قانونی و دەستوری، کەبکری لەریگای دەنگادان بەدەستورەوە ریگاچاری بۆ بدۆزریتەوە.

جەنگیك کەئەمریکا بەناوی "رژیم چەینج" ەوە لەعیراقدا دەستی بۆبرد، بەتنها رژیمی نەگۆری بەلکو سەرتاپاری شیرازەی کۆمەڵگای مەدەنی عیراقی تیك و پیکداو هەموو بناغەکانی دەولەتی هەلوەشاندووە، لەلایەکی‌تریشەوە گۆرینی عیراق بۆمەیدانی "شەرلەدژی تیرۆریزم" وفرسەتدان بەپەروبال کردنی دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی وعەشیرەتی وزیندووکردنەوەی پیکهاتی ئاینی و تایەفەگەریتی، و پاشان هەولدان بۆ سازدانەوەی دەولەت لەم پیکهاتە دژبەیەك و نەگونجاوانە، بەپویست بارودۆخەکانی عیراقی بردە نیو جەنگیکی‌تر و کیشمەکیشیکی بیبرانەوەی نیوان ئەم هیزانەو رەوەندەکانیانەوە. کەراستەوخۆ ئەبعادیکی ناوچەیی و جیهانیان هەیە. لەلایەك جەنگ وتیرۆریزمی دووسەرەری نیوان ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی، شەرو کیشمەکیشی نیوان رەوت و باڵەکانی ئیسلامی سیاسی کەبە کیشمەکیشی"سوونی وشیعەکان" ناودەبریت. ناکوکی نیوان گرووپە سیاسی‌یەکانی ئیسلام چ ئەوانەی لایەنگری "پرۆسەی سیاسی" ئەمریکاین لەعیراق و چ ئەوانەی لەدەرەوەی ئەم پرۆسەیەدان. هاوکات ناکوکی نیوان ناسیونالیزمی کورد لەگەل لایەن وباڵە ئیسلامی‌یەکان وگروپە جیاجیاکانی ئەم پزوتنەوەیە، لەلایەکی‌ترەوە کیشە وناکوکی لەگەل ناسیونالیزمی عەرەبی و هەولەکانی ئەم بزوتنەوەیە بۆ هەستانەوەی باری تیکشکاوی خوی بە دوای رووخانی رژیمی بەعسدا، .. هەموو ئەم ناکوکیانەو ئەم هیزانە لەبەرامبەر خەلك وبزوەتنەوەی سکولاریزم و ئازادیخوازیدا لەدژایەتیەکی بیچارەدا راوەستاون. ئەمە جگەلەوەی کە دەخالەتی دەولەتانی ناوچەکە ودنەدانیان فاکتۆریکی‌تری بۆ توندبوونەوە و دریژەکیشانی باری ناهامواری کۆمەلگای عیراقی زیادکردوزوە.. ئیستا کەهەموو ئەم فاکتۆرانە و ئەم لایەنانەی کیشمەکیشەکان دریژەیان هەیە وبگرە رۆژ لەدوای رۆژ بارودۆخاکان ئالۆزتر دەبەن، دەنگدان بەدەستوور دەتوانی دەرگای چ داهاتوویەك بۆخەلکی عیراق بەناوی دیموکراتیزە کردنەوە بخاتە سەرپشت!

مادام کە دوای دەستور، "ئیحتلال و ئەمریکا" لەعیراق دەهیلیتەوە و هاوکات دەستی ئیسلامی سیاسی و میلیشیای چەکداریان لەسەر خەلکی رادەگری، مادام کە شەرو پیکدادانی نیوان جەمسەرەکانی تیرۆریزم دریژەی دەبی، مادام کەپیکدادان و کیشمەکیشی نیوان تایەفەو شوعبە ئاینی‌یەکان وەك خۆیان لەمەیدان دەمینینەوە، مادام دەولەتیك لەئارادانی‌یەو کەبتوانی باوردخەکان کۆنترۆلبکات .. دەستوور و دەنگدان نەك هەرناتوانی ئەم باروخانە تیپەرینی وەیا لانی کەم فاکتۆرەکانی ئارامکردنەوە و سازدانەوەی دەولەتی بەدوادابیت، بەلکو خۆی دەبیتە فاکتۆریك بۆتووندبوونەوەی پیکدادانە قەومی وئاینی‌یەکان و کیشمەکیشی نیوان ئەو رەوەندانەی کە بەدوای ئیحتلالدا هاتونەتە سەرشانوی سیاسی کۆمەلگای عیراقەوە. بەواتایەکی‌تر دەستور تەنها دەتوانی کیشمەکیشی و پیکدادانی تەقسیماتە قەومی وئاینی‌یەکان لەنیو خۆیاندا و ئەمانەش لەبەرامبەر هەلومەرجی داگیرکاریدا قانونی بکاتەوە و زەمینەی زیاتر بۆ راگرتنی عیراق لەنیو سیناریۆی شەری ناوخۆ و پیکدادانی تایەفەگەریتی کە هەرئیستا سەرتاکانی وەدەرکەوتووە، رابگری. لەوەها هەلومەرجیکدا عیراقی دوای دەستوور وئومید بە ئارام بوونەوە و دیموکراتیزە بوون جگەلە خۆشخەیالیەکی بی ناوەرۆك شتیکی‌تر نی‌یە.

لەمنیوەدا ئەوە تەنها فاکتۆری خەلك و چەپی کۆمەلگایە کەدەبی بەحەرەکەت دەربیت. فاکتۆریك کەلەبنەرەتەوە لەبەرامبەر ئەوزاعەکان و "پرۆسەیەکی سیاسی" دایە کەئەمریکاو دەستو پیوەندەکانی تیا شەریکن. هاتنەمەیدانی بزوتنەوەی جەماوەری و چەپگەرا، لەدەورەی خواستی کردنەدەرەوەی ئەمریکاو هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەو بریارو دەسەلات و دەزگایانەی بەرهەمی داگیرکارین، هاوکات راوەستانەوەبەرووی ئیسلامی سیاسی و ناکامکردنەوەی کاریگەری‌یەکانیان بەسەر کۆمەلگادا، ئەتوانی ئەوئەلقەیە بیت کەدەرگای ئالوگۆریکی گەورە و ئینسانی بەقازانجی خەلکدا بکاتەوە. کۆنگرەی ئازادی عیراق و حیزبی کۆمنیستی کریکاری عیراق هەرئیستا یەکەمین سەنگەرەکانی ئەم بزوتنەوە جەماوەری‌یەیان لیداوە، کەدەبی سەرجەم خەلکی عیراقی لەدەور کۆبکریتەوە..

2005/10/21